**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**
**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com


## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە بەغدای پایتەختەوە، تازەترین تەسریحی نوری مالیکی کرد بە شازی خەبەر عاجیل ناردی بۆمان بە درێژایی نۆ ساڵی رابردوی پاش پرۆسەی روخانی رژێم تاکو ئێستا تەسریحی وا هەزەلیمان لە زاری هیچ بەرپرسێکی عێراقییەوە نەبیستوە، ئاغای مالیکی وەک ئەوەی ببرسکێنێ یان لێی شێوابێ و بیشەمزێنێ فەرمویەتی: ((هەر ولاتێک دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات، ئێمەش دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە وەردەدەین))، ئادەی مەوەستن تا ل٣٧




www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
**گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە**
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١ لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ ی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە


کاریکاویژ



ل3

خوا بکەم دیموکراسیەکەی هەر ئەوەندەی بێ!



ل28

تۆ بڵێی ئیشی باش بکات؟


132
ساڵی هەشتەم ٢٠١٢/١/٢٥
بەکاتی: مەی و مەساج و سوتاندن

**دەستەی نووسەران**
حسن العانی
عەلی مەندەلاوی
سالار حەسەن
رێبوار ئدریس
نەجات حەمید
کەریم مودەریس

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
سەردارکێستەیی
serdar_kesteyi@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
رزگار فەقێ عەولا

**بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی**
چیار ئەحمەدسالار

**ماڵپەڕ:**
رێباز نەجات

**دیزاین**
چیارئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست**
خضیرالحمیری
سالمسەلیم
پەروەر
باسم رەسام
سەردارکێستەیی
عەلی دەروێش
سۆران کوردپوور
رۆستەم زادە (نامۆ)
زێرەڤان سالح
سەرتیپ فەتاح
بابان
ئەحمەد مەندەلاوی
میثم راضي
نەبەز وەندی
ئاراس باڵاتەیی

**نووسەرانی بەشداربوو**
محمدساهی
نەبەز وەندی
شوان غەمبار
شاخەوان محمد
رفعەت کەرکووکی
دیار خورشید
کاروان فەتحی


**بۆ بەشداری لە کرینی گەپ**
**پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای**
**تەتەرەوە بکەن**
٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤   ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥
٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣


چاپخانەی موکریانی- هەولێر
**ناونیشان:**
**هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران**




نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت
تیراژ: ٤٠٠٠ دانە

سیاسەت

سەروتار




# بە مەزەندە

بە مەزەندە

* بەمەزەندەی ریکلامچیەکانی دیعایەی ئیعلامی و بەرهەمە حەیوانییەکان، دوای ئەوەی هەرچی کەناڵی خۆمانەیە پڕبووە لە ریکلامی ئەنواع ماستی ئەجنەبی، پێشبینی دەکرێ هەرئەوەندەت زانی دەبینە بەکاربەرترین ماستخۆری سەرزەمین بەڵام بەنانەوە !..

* بەمەزەندەی تەعویزخۆرەکان و قەرەبوو ویستەکان، پاش ئەوەی لەم وڵاتە دوای هەر کەتنێک بەزمێکی قەرەبوو دێتە ئاراوە، هەر بۆ ئەوەی وەزعەکە ساف بکەنەوە، هەتا بەزمێکی تر، کار وابڕوات بایعێکی قەرەبوو لە پاڵ بایعەکەی تردا دروست ئەکەن، ئەگەر ئەویش پارەکەی ئێکسپایەر نەبێت باشە!

* بەمەزەندەی موراقیبەکانی سیاسەتی بێ حەکەم و بە ئەقڵی چاکەتوپانتۆڵ درووەکان، دوای ئەوەی هەرچی چاودێری سیاسییە بۆ تەحلیلەکانی ئەبێت بە بۆینباغی پان و پڕو زلەوە بێتە سەر تیڤی، لەوانەیە ماوەیەکی تر نهێنی نێوان سیاسەت و بۆینباغ لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرا بکرێت !

* بەمەزەندەی هاتوچۆکەرانی ڕێگاوبان، پێشبینی دەکرێ ئیتر کەس داوای چاککردنەوە و جادەی نوێ نەکات، چونکە قەت قەت تەواو نابێ و کۆنەکەشیان لە دەست دەچێت!..



# سیاسەت




## شاشەیtvیەکان

* لە شاشەی کەناڵی کوردساتدا موقەدمێکی پۆلیسم لە کەرکوک بەرچاو کەوت بە قەمسەڵەیەکی چەرمی رەشەوە روتبەی لەسەر قەمسەڵەکە بەستبوو، وا بڕوات لەمەولا ئەفسەریش ئەبینین سێ چارەکەوە مەشق ئەکات!

* لە شاشەی KNNدا و لە فیستسڤاڵی( نالی)ی شاعیردا دوو کەس لەسەر ئەو کەڵە شاعێرە قسەیان کرد، لە خوارەوە لەسەر وێنەکەیان نووسرابوو: رەئوف عوسمان ..

* لە شاشەی کوردساتدا لە گەرمەی زنجیرەی دۆبلاجکراوی کوردی جەنگیسخاندا، لەپڕ دەنگی دۆبلاجیکی عەرەبی هاتە سەر بە دەنگێکی ناخۆش هاواری کرد بە عەرەبی وتی.. وەرە لە گەڵما..!

* لە شاشەی کەناڵی ئاسمانی جەماوەر لە بەرنامەیەکی پیشبڕکێدا کە کچێک و کوڕێک پێشکەشیان ئەکرد.. ئەوەندە تەنسیقیان رێک و پێک بوو یەکێکیان پرسیاری لە گرووپی Aی ئەکرد لە هەمان کاتدا ئەوی تریان داوای گۆرانی لە گرووپی Bی ئەکرد.. خۆتان تەعلیق لەسەر بدەن من هیچ ناڵێم...!!



ڕەشەبای گۆڕانکارییەکانی دەسەڵاتی وڵاتانی عەرەبی

## نامەیەک لە قوربانییەکی دەستی بەعسەوە بۆ لیژنەی قەرەبوو






سالار حەسەن

لە سەرگورشتەی عەیامێکەوە
لە بەسەرهاتی زەلامێکەوە
لە دەردی دڵی نەفەرێکەوە
بە ئاخ و داخ و کەسەرێکەوە
نامە دەنوسم بە نوکی نەبوو
بۆ بەڕێزانی لیژنەی قەرەبوو
سڵاوی خۆم و عەتێی خێزانم
لەگەڵ هەر هەموو منداڵەکانم
بۆ ئێوەی بەڕێز بۆ ئێوەی خەمخۆر
ئێوەی بەخشندەو ئێوەی پارە زۆر
ئێوەی هەمیشە بۆ میللەت برژاو
ئێوەی دەم و چاو لە خەمدا ترشاو
هەمیشە دەستتان لە دۆلار گیرە
دەشڵێن بەڕاستی میللەت فەقیرە
هەروەک پشیلەو گۆشتی جوجەکە
چنگتان ناوەتە بینی بودجەکە
تێمانگەیەنن دەی هەتا زووە
بزانین چۆنە ئەم قەرەبووە
دە ملیۆن دینار کێ لێی سوودمەندە
هەرچەند دڵنیام بۆ دەوڵەمەندە
وەکو بیستوومە بەڵگەتان دەوێ
ماڵ رووخاو نەبێ بەری ناکەوێ
ئەی ئەگەر کەسێ کرێچی بووبێ
ئەی ئەوەی رۆژێ تەعزیب درابێ
یاخوود لە مەکتەب فەسڵ کرابێ
ئێوە بە جوانی حاڵیمان ناکەن
وەک جوجکەی خۆتان ماڵیمان ناکەن
تاکو بزانین ئەم ١٠ ملیۆنە
چۆن چۆنی دەدرێ و بۆ کێیەو چۆنە
باقی وەلسەلام خێرا بمنووسە
ئێستا کەی وەختی بەڵگەی مەلمووسە






## عەینەن یەک

### کابینەی شەشەم

١- دوو نیو کابینە بوو.
٢- ناوبژیوانێکی خراپ بوو لە مەعبێنی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا.
٣- ئەم لە شام و ئۆپۆزیسیۆن لە شیراز.
٤- هێزەکانی لەژێر کۆنترۆڵی حزبدا دابوون.
٥- لە گەندەڵیا تووشی فتق ببوو.
٦- عومری درێژی بۆ نەخۆشخانە ٤٠٠ قەڵەوێرەکە بەجێهێشت.
٧- سپرینگ و برغوی بە سیستەمی خوێندەنەوە نەهێشت.

### کابینەی حەوتەم

١- دانەیەکی تەواوە بە هۆڵ و مەتبەغەوە.
٢- پیری شەوکێڵ، حکومەت بێت نەک حەکەم.
٣- گوایە هەردوولا شەریکە حکومەتبن.
٤- ئەڵێن گوایە ئەیانکا بە پێشمەرگەی حکومی.
٥- عیلاجی نەکات گورچیلەشی لەسەر دائەنێ.
٦- پێشنیار ئەکەین ٢٠٠ ی بفرۆشێت ٢٠٠ی کەی تری پێ تەواو بکات.
٧- وەک جارانی لێکاتەوە عەیبی نامێنێ و کۆڵی منداڵانیش سووک دەکات!

سیاسەت لە عێراقدا



سیاسەت

بەزمی ڕۆژ

کاریکاتێر: پەروەر




## گرت و برد ...

ڕێبوار هەورامی

ئەمە کورتکراوەی گرتن و بردنە، بە هەموو نەوعێک ئەکرێ و لە هەموو سەردەمێکدا باوی هەیەو قەت تەواو نابێت .. لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بۆت هەیە دەزگیرانەکەت بگری و دواییش بیبەی . لە ڕووی ئیداریەوە دەتوانی مەنسەبەکە بگری و وارداتەکەی هەمووی ببەی . لە ڕووی سیاسیەوە بۆت هەیە کورسی بگری و دوایی نەیدەیتەوە بە ساحێبەکەی .. ئەمما ئەمنیەن زۆر ئاسانە بیانگرەو بیانبە و خۆت وەکیل بە .

ئەم گرتن و بردنە لە حدودیش هەیە، لەمبەر دەیگرێ و ئەوەی لەوبەر هێناویەتی هەمووی دەبا، ئەوە لە سیتەرە هەر مەپرسە لەوەتەی دنیا دنیایە شوێنی گرتن و بردنە! .

جاران بەس مریشکیان دەگرت و دەبرد ئێستا مۆنیکا دەگرن و بەبردنەکەشی خۆیان بە مەغدوور ئەزانن . وەک ئەو مودیرولعامانەی تەقاعودیش بوون، بەڵام مونیکاکانیان نادەنەوە بە دەوڵەت !..

جاران ڕانە مەڕوماڵاتیان بەسەر عەرزی خەڵکیدا دەبردو لەپڕ خاوەن عەرز دەیگرتن، ئێستا بۆریی نەوت ڕادەکێشن و عەرزەکەشی دەبەن !..

جاران ئینزباتیش جوندی دەگرت و دەبرد .. بەڵام ئێستا بەدوای نائیبی ڕەئیس جمهوریا دەگەڕێ ئیشەکەی تەرفیعی کردووە !.. جاران بەس موعارەزەی سیاسیان دەگرت و دەیانبرد، بەڵام کەس نازانی بۆ کوێ !..ئێستا شەریک و ڕەفیقی عەمەلیەی شەراکەی وەتەنی دەگرن و دەیانەوێ وەهای ببەن دووری بخەنەوە کە بە زەرەبینیش وەتەن نەبینێتەوە !..

جاران هەنێ جار ئەوەی دەگیرا و دەبرا دەشیانهێنایەوە، ئێستا تەنانەت بۆ حەجیش لە کۆمپانیاکانیان خەڵکی دەگرن و دەبەن و دواییش ئەڵێن تەیارە نەماوە نایهێننەوە !!

سەیرەکەی لەوەدایە ئێستا هەیە پێی خۆشە بیگرن و بیبەن .. وەک ئەو خەبیرو فەیلەسوف و دانایانەی بۆ بەرەودان بە عیلمو مەعریفەت بردیانەنە دەرەوەو دواییش داوای لجوئی سیاسیان کرد و ئێستاش هەر لەوێ دەیخولێننەوە !!